# کورد له جیهانبینی کەلتوری ئیسلامیش دواکەوتوترە!

تایەر حاجی حەسەن
هۆڵەندا

بینینی ئەو دیمەنانەی (کوردستان نێت نمایشەکەی دەخاتە ڕوو) کە کوشتنی کچە کوردێک نیشان دەدات لە لایەن پیاوانی خۆ بە جوامێر زانەوە، چۆن وەک ئەوەی دوژمنێکی سەرسەختی خۆیان لە ژێر دەستدابێت، ئا بەو شێوەیە بەربوونەتە لاشەی برینداری ئینسانێک، کە تەنها ویستویەتی خۆشەویستی بکات. دین بۆ دەبێت ئاوا شێتانە و دوور لەهەرپرنسیپێکی ئینسانیانە، خۆی بکات بەدەم ڕاستی کۆمەڵگەو تاکەکان بەپێی شوناسی دینییان لەقاڵب بدات. دابڕاوی کۆمەڵگە لە فاکتەرە عەلمانی و مەدەنیەکان، نەبوونی ئازادیە تاکەکان، دەبن بەو هۆکارەی کەدین و فەرهەنگی دواکەوتوانەی خیزانی داخراو ببن بە بڕیار و، چارەنووسی تاکەکان دیاری بکەن. لەم نێوەندەشدا، ژنان دەبن بە چەوساوەترین و بێبەشترین بەشی ئەو کۆمەڵگایە. دین دێت و ئابەو شێوە دڕندانەیە تۆڵەی خۆی لە تاکێکی دەکاتەوە، تەنها هۆکاریش کەسێکی جیاواز بەدینی خۆی خۆشویستوە. کاتێک دین یان هەرچ چەپاندنێکی دی بوو بە بڕیاردەری ژیانی خۆشەویستی و پێکەوە نانی هاوسەرگیری نێوان دوو تاک، ئاکامەکەی هەر سلبی دەبێت، بە پێی تەواوی پێوەرە ئینسانیەکان.

دیارە کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ ڕێژمدا بۆ چەند ڕۆشنبیرێک و کۆمەڵێک کەسانی واقیع بینانە، ئەوی دی بەشێکن لە خۆ خزانە ناو قۆزاخەی دابڕان و جیهان بینی تەریکیەوە. ئەم مانایە بە و دیمەنانە دێتە وتن کە لەو کاسێتە تەسجیل کراوەدا دەبینرێت. ئەمە بۆخۆی پیشاندانی ئەوپەڕی بێشەرمی پیاوی کوردە، لە ئاست بوونێک خۆی پێ پێناسەدەکات. دەکرێت بڵێین ئاخۆ ئەم پیاوە کوردە دەتوانێت سەر بەکام قوتابخانەی ژیرکەوتوویی سەردەمی بەردین بێت؟ ئاخۆ ئەم پیاوە کوردانە هێند دڵڕەق و بێوەفان بەرانبەر بە پێناسە بونێکی ئینسانیانە، وا زۆر بێشەرمانە بە کۆیەکی زۆر ترسنۆکانەوە بەردەبنە گیانی ئەو مرۆڤەی بەشێکە لە ژیانی تەواوکردنی سونەتەکانی ژیان؟

بەداخەوە بۆ ئەو دەسەڵاتە کوردیە و بۆ ئەو ڕێگا چارانەی کە بە نیازە بیخاتە سەرپشت بۆ خۆ قوتارکردن لەو دابڕانە مێژووییەی کە تێی کەوتووە، لە بەرانبەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا. بۆ نابێت بڵێین خۆ ئەوە هەر تاکە دابڕاوەکانی کوردستان نین ئاوا بێشەرمانە خەریکی قەسابی کردنی ئافرەت و ژن و خوشکەکانی خۆیانن. بگرە ئەوانەشی چەند ساڵە لە ناو جەرگەی دنیای ڕۆشنبیری و زانستدان، هەمان شێوە ئەم دیمەنە قێزەونانە کەمتازۆر یەخەی ئەم بوونەوەرە دابڕاوەی گرتووە. کەم نین ئەو ئافرەتانەی تا ئێستا لە هەریەک وڵاتە ئەوروپیەکان بەر دەمارگیری پیاوەکانیان و براو کەس و کاریان کەوتون و لە ناو شەلالی خوێندا سەمای دوا چرکەساتی خۆیان کردووە. بۆ ناهەقم نیە کە بڵێم کورد لە کەلتوری ئیسلامیش دواکەوتووترە. ئاخۆ ئایدۆلۆژیای ئیسلام بنەڕەتەکەی ناگەڕێتەوە بۆ عەرەب و ناسیۆنالیزمی عەرەبی. ڕەنگە ئەم ڕستەیەشم شایەنی ئەوە نەبێت کە تەواوی خەڵکانی عەرەب بەم ئایدۆلۆژیایەوە بئاڵێنم، چونکە لە دنیای عەرەبیشدا هەزاران ئینسانی عەلمانی و چەپ و ڕۆشنبیری ئەوروپی ئاسایان هەیە. بەڵام مۆرکی ڕاستە قینەی ئەم دینە داخراوە دژ بە ئازادیەکانی ژنان و کۆمەڵگە بۆ خۆناسینی خۆیان وەک ئینسان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵگەی عەرەبی بە پێوانەکردنێک لەگەڵ کوردا زۆر جیاوازی زیاتریان هەیە لە میللەتی کورد. ئەوان خاوەنی سەدان و هەزاران فیلم و گۆرانی و شانۆیی کراوەن کە ژنان تێیدا ئازادانە مامەڵە دەکات لەگەڵ ئەو دەورانەی کە پێیان دراوە. بۆیە تاکی کوردی ئێمەش هەمیشە لە نێو کەلتورێکی داخراودا پێگەیوە و سەری هەڵهیناوە، بە چەوساندنەوەی خۆی و کارکردن بۆ خزاندنە ناوەوەی ژنان بۆ نێو کەلەبەری ژورە تاریکەکان، کە تەنها ئازادیەکانی

ئەمی ژنی، لە خواستی کارە سێکس بازیەکانی خۆیدا بینیوەتەوە. بۆیە بەهیچ شێوەیەک بە ڕەوای نەزانیوە کە ئەو ئافرەتە ئەگەر خزم و کەسی ئەمیش نەبێت. ڕێگای پێنەداوە لەگەڵ کەسێکی دەرەوەی کۆمەڵگاکەی خۆیدابێت، ئەگەر بێت و ئەم ڕێگریەشی ڕاستەخۆ بۆ نەچوبێتە سەر ئەوە لە ناخی خۆیەوە ئەم دژایەتیەی نیشان داوە. ئەمە لەلایەک ، لەلایەکی کەشەوە، ئەم تاکە هێند کوێر بووی سێکسە و ناتوانێت ئینسانیانە لەو کارە بنوارێت، بۆیە هەردەم دەمارگیرانە و کوشندانە ڕوو بە ڕووی ئەم حاڵەتانە دەبێتەوە. تەنانەت ، تەواوی ئەو پیاوانەی خەریکی قەسابی کردنی ئەو کچەن، ئەگەر بێت و ئەو کچە ئامادە بوایە لەگەڵ ئەمان ڕایبواردایە، بێیەک و دوو هەمویان ملی خۆیان بۆ حیز دەکردوو، شەهوەتی پیسی خۆیان تێیدا بەتاڵ دەکردەوە. ئەمە نارەوایی نیە دەیڵێم بەرانبەر بەو تاکە گەمژەیە. ئەمە واقعیەتێکی تاڵەو، دەرئەنجامەکەی بە ئەستۆی حکومەتی کوردیە، لە قبوڵنەکردنی دریژەدان بە پەروەردەکردنی ئەم تاکە نابووتە.

ئاخۆ کورد وەک میللەتێک و دەسەلاتێک کە ئێستا بەدەست خۆیەتی، بۆ بۆی ناکرێت کۆمەڵێک پرسیار بووروژێنێت، کە پێدەچێت بتوانێت، لەو خەوە نائینسانی بوونەی بێداری بکاتەوە. بۆ تائیستا هێند ڕادەی کوشتنی ژنان لە ناو میللەتی کوردا برەوی هەیە، بۆ لەناو چواردەورەکەدا بەو ئەندازەیە نیە؟ هۆکاری ئەم بێحورمەتی کردنە دەگەڕێتەوە بۆچی؟ ئاخۆ ئەم پیاوە جوامێرە، لەکام قوژبنی ئەم جیهانە بەرینەدا حسابێکی ئینسانیانەی بۆ دەکرێت؟ ئاخۆ بێدەنگ بوون لە دووبارە بوونەوەی ئەم مەرگەساتانە حکومەتی کوردی ناخاتە ژێر پرسیاری کاریگەرەوە؟ بۆ نەمان دی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕێگای دادگاوە بکوژێکی ژنان بە ئاشکرا داگایی بکرێت؟ ئاخۆ لە نەبوونی ئەم لێپرسینانەوە ناگەینە ئەو بڕوایەی کە دەسەلاتی کوردی خۆی بەشێکی بەرچاوی نێو ئەم بێحورمەتی کردنەیە بە گیانی ئینسانێک کە بە نیشتمان، لەقەڵەمی دەدەن. ئینسانی کورد بەو پێناسە دابڕاوەی خۆی لە نێو جیهانی کراوە و بەرپرسیارێتیدا، چۆن دەتوانێت خۆی ئامادە بکات بۆ ڕوبەڕووبوونەوەیەکی گرنگ کە لە بەردەمیدایە. بۆ تا ئێستا کورد بوون لەلایەن جیهانی چواردەورو جیهانی دەرەوەش وەک کۆمەڵێک کێوی و یاخی نەناسراوە؟ ئاخۆ تاکی کورد دەیەوێت بەم شێوازە پڕ لە شەرمەیەوە ڕوو بەڕووی جیهانی چواردەورو دەرەوە ببێتەوە؟ خۆ ئەگەر ئەمە بەشێک بێت لە ڕۆشنبیری داخراوی تاکی کۆمەڵگەی کوردی، بۆخۆی ناتوانێت حاشا بکات لەو داخران و دەمارگیریەی کە بۆی ماوەتەوە.

لە تەواوی جیهاندا کەم تازۆر ئەم دەمارگیریە بوونی هەیە، بەتایبەتیش لە نێو کەلتوری ڕۆژهەلات و ئاسیادا. ئەمە نیشانەی دابڕاوی کۆمەڵگەیە بەرانبەر ئەو خاڵە مت بوانەی کە وەک گەنە و خۆرە خۆی بە مێشک و جەستەی پیاوی ئەم کیشوەرانەوە لکاندوە.

ئەم پیاوە کوردە هێند لاوازە هەموو پێشکەوتنێک و تەواوی جوانی خۆشەویستیەک کە بەدڵخوازانەی کچێک بێت، دەگۆڕێتەوە بە تەواوی داخرانێک ، چواردەورگیراو بە ژەنگاویترین بیروهۆش. تەنها لەبەر ئەوەی ئامادە نیە ئەو ڕەوایەتیە بدات بە بەرانبەر کە ڕەگەزی مێیە. پێتان سەیر نەبێت، ئەم دیاردەیە و ئەم غیرە کوێرانەیە لە ئەوروپاش بەشێکی گەنجان و پیاوانی کورد دەگرێتەوە. لە کاتێکدا ئەم پیاوە کوردە خۆی قبوڵیەتی لەگەڵ کام ئافرەتدا هەیە کاری سێکسی بکات، بەلام پێی هەزم ناکرێت کاتێک کچێکی کورد ببینێت لەگەڵ کوڕێکی بێگانەدایە. دیارە ئەم تەسویرە گشتی نیە بە ڕادەی لە سەداسەد، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نەبوون بۆدانان بە ئەم دواکەوتوییەدا بۆخۆی هێندەی تر بەرەو دواوە دەمان باتەوە.

بە ئومێدم تاکی ئێمە بتوانێت هەر ساتە و هەرچرکەیەکی خۆی بخاتە ژێر ڕەخنەو لێکۆڵینەوە وە. ئەرکی بەرپرسیاریەتیەک کەلەبەردەم نەوەیەکی نوێدایە، بتوانێت زۆر ڕاشکاوانە و بێخۆ خەڵەتاندن ڕوو

بەڕووی ئەو رابردووە تاڵە ببێتەوە. بۆ ئەوەی چیتر نە بێتە قوربانی دید و بۆچونێکی نە زۆکانەو کوێرانە. ژیان بە خۆشەویستیەوە جوانە. ئەوروپیەکان، هەردەم لە قوربانیدان و پرسیارلەخۆکردندا بوون ، تا گەشتوون بەم ڕۆژگارەی ئێستاو، سەرجەم ئەو مرۆڤانەی کە جێگەیەک بۆخۆیان شک نابەن لە وڵاتی خۆیان، ڕوو لەم مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کرانەوەیە دەکەن. خۆزگا، لانی کەمی ئەو مرۆڤانەی کە دێنە جیهانی ئەوروپاوە، بیان توانیایە ڕووە جوان و پڕ لە مەدەنیەتەکەیان وەرگرتایە و ببونایە بە مۆمێکی هەمیشە داگیرساو ، تا شۆڕشێکی سەرتاسەریان بنیات بنایە لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی دخراودا و ئیتر نەسیمی خۆشەویتی نێوان کچان و کوڕان، جێگای شەلاق و چەقۆکێشە تێر نەبوەکانی بگرتایەتەوە؟

2007/04/25